# ڕاکردن لە حەقیقەت و خۆلادان لێی ،
# تەسلیم بوونە بەبێ دەسەلاتی

**سەروەر کەریم**
sarwarkareem@gmail.com



ئەم نووسینە ئەفسانەیەك نی یە تا مرۆڤ تێی نەگات ، یاخود لێکۆڵینەوەیەکی فەلسەفی قورس نی یە مرۆڤ لەئاست تێگەیشتنیدا تووشی داماوی بێت و نەتوانێت لەئەنجامەکانی تێ بگات .

لەگەڵ ئەوانەشدا مرۆڤ دیسان توشی هەڵوێستە کردن دەبێت و زۆر جاری دۆش دادەمێنێ و نازانێ چی بڵێ یاخود چی بکات؟ کارەساتێکی هێندە گەورەیە کە کار لە ناخ و بیرکردنەوەی مرۆڤ دەکات و دەروون و ویژدانی ئازار دەدات کاتێك بمانەوێت باسی ئەفسانەیەکی مێژوویی بکەین گوێگرەکانمان هەریەکەیان بە جۆرێك تێ دەفکرن و پرسیاریان لا دروست دەبێت ، لەگەڵ ئەوەی هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی ئەوە ڕووداوێکەو لە کۆندا ڕووی داوە مرۆڤی ئەو سەردەمە زۆر جیاواز بوو لەڕووی هێزو پێکهاتەکانیانەوە بۆیە ئاساییە کاری زۆر سەیرو بەهێزی ئەنجامدابێت و ئایینیش بۆ خۆی ڕێگا خۆشکەر بوو بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بەزوویی باوەڕ بکەن.

لەگەڵ ئەو باکگراوەندە مێژوویەیی کەلە لاشعوری کۆمەڵگای ئێمەدا بوونی هەیەو بەشێکی گرنگی کەلتوورە، بەلام بۆ سەردەمی ئێستا هەقیقەتێکی پڕ گوماناوی یەو لەلای بەشێکی کۆمەڵگا زەمەنی ئەو جۆرە شتانە بەسەر چووەو باوەڕیان پێ نەماوە .

بەهەر حاڵ من نامەوێت باسی مێژووی ئەفسانە پۆلێن بکەم لەم نووسینەداو ئەو چەند پەرەگرافەش وەك دەروازەیەکی زۆر کورت بۆ ناوەڕۆکی ئەم باسە گرنگی خۆی هەیە، چونکە ئێستا خەڵکی گومانیان لەسەر سەرلەبەری پێکهاتە ئایینی و کۆمەڵایەتی و بیرو باوەڕە کۆنەکان هەیەو ڕۆژانە پرسیار گەلێکی جۆراو جۆر لەبارەی هەقیقەتە ڕەهاکانی ڕابردوو دەوروژێنن ، بۆیە ناکرێت لە ئێستای سەردەمی پێشکەوتنی زانست و زانیاری و تەکنەلۆژیاوو ئاستی ڕۆشنبیری بەرز بەهەمان ئەقڵیەتی سەردەمی کۆن مامەڵە لەگەڵ ڕووداو و گۆڕانکاری و پێشهاتەکان بکەین ،یاخود دەستەووەستان لەبەرامبەر کارەساتەکاندا ڕابوەستین و بەرەنجامەکانی بەقەدەری کۆنی بزانین و هەڵوێست نەگرین. هەر لەڕوانگەی ئەوەی کە ئێمە دەبێت هەبین و قسەی خۆمان بکەین لەسەر دیاردە نا چیزو نا جۆرەکان و هەڵوێستی جدیی وەرگرین و دیاردە نێگەتیڤەکان ڕەخنە بکەین چونکە تاکی ڕۆشنبیر پەیامەکەی ئەوەیە کە چاو دێر بێت بەسەر دەسەلات و کۆمەڵگاوەو هەوڵی خستنە ڕووی سلبیاتەکان بدات و پێشەنگی کۆمەڵگاکەی بێت و بۆ گۆڕانکاری لەئاست دیاردە خراپەکاندا.

هەڵبەت دروست مەبەستی ئەم ووتارە ئەوەیە کە پەردە لەسەر دیاردەیەك لابدات، کە ڕەنگە لەناخی زۆربەماندا ئازارێکی دروست کردووەو پەنگی خواردۆتەوەو ڕێگە چارەیەك شك نابات تا دەستی بۆ بەرێت و هەوڵی بەرەنگار بوونەوەی بدات.

دیاردەی لەشفرۆشی یەکێکە لەنەخۆشیە ترسناکەکانی کۆمەڵگای ئێمەو ئێستا فراوان بووەو ڕەوا جی پەیدا کردووەو بازاڕی بەرەو گەرم بوون دەچێت و بازرگانی جەستەی ژنان ڕێژەیان ڕوو لەزیادبوون دەکات و ژنانیش زۆرتر دەبنە قوربانی ئەم نیزامە نابەرامبەروپڕلە چەوساندنەوەیە.

کاتێك مرۆڤ سەرگوزەشتەی ئەو ژنانە دەخوێنێتەوە دووچاری ڕاچڵەکین دەبێت لەئاست ئەو هەموو ئازارەی بەری بەژنان گرتووە، سەرباری هەموو چەوساندنەوەکانی تر بازرگانی کردن بە جەستەیانەوە بوەتە چەوساندنەوەیەکی تر .

یەکێك لەو کارانەی ڕۆژنامەی ڕێوان پێی هەستاو بێدەنگی شکاند بلاوکردنەوەی سەرگوزەشتەی ئەو ژنانە بوو کە دووچاری لەشفرۆشی هاتوون، ئەو ژنانە لەتەواوی قسەکانیاندا ئاماژەیان بەوەکردوەکەبە ئاشکرایە لادانەکانیان چی یەو دابەش دەبێت بەسەر چەند فاکتەرێك لەوانە :

1-خراپی باری ئابووری و نەتوانینی دابین کردنی پێداویستیەکانی ژنان.

2- باوك – هاوسەر بەناچاری دووچاری لادانی کردون، بەمانایەکی تر ئەوان بۆ بەدەست هێنانی مادە بازرگانیان بەکچ و ژنەکانیانەوە

کردوه.

3- فریودان لەڕێگەی پارەو دامەزراندن، ئەمەیان زیاتر پەیوەندی بە دەسەلاّتەوە هەیە کە پشکی سەرەکیان هەبووە لـە بەلاڕێـدا بردنـی ژنان.

4- بەزۆر بەشوودان و جیاوازی زۆری تەمەن لەنێوان ژنان و وپیاواندا ..

ئەوفاکتەرانەو چەندانی تریش دەوری کارایان هەبووە لە بەلاڕێدابردنی ژنان و هێنانیان بۆ بازاڕی لەشفرۆشی لەگەلّ بوونی ئەو دیاردەیـەو فراوانبوونی، کەچی ئێستا خەمێکی جدی بۆ نەخوراوەو بیرێک لە ژیانی ئەو ئینسانانە نەکراوەتەوە کە دووچاری ئـەو نەخۆشـی یـە هـاتوون، کەلەسەرەنجامدا خودی دەسەلاّت و کۆمەڵگا بەرپرسیاری یەکەمە لەو حاڵەتە .

بەبڕوای من کاتی ئەوەیە هەولّ بدەین بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەو دیاردەیەو کاری جدی بکەین تا پارێزگاری لەنەوەکانی داهـاتوو بکـەین، چونکە ئەو سەرگوزەشتانە قسەو ئاماری زۆر ترسناکیان تێدایە،

سەیرە ژنێک بتوانێت بازرگانی بە 25 – 45 ژنەوە بکات و گوێی خۆی لیّ بخـەوێنیّ ، ئەگـەر بـەر بـەو کـارە نـەگیرێت بـەدڵنیایی یـەوە کۆمەڵگاکەمان ڕووەو ئاماری ترسناکتر هەنگاو دەنێت ئەوساش چارەسەرەکەی قورستر دەبێت.

بەهــەر حـالّ ئێـستا ئێمـە لەبەرامبـەر دیاردەیەکـدا ڕاوەسـتاوین کـە بـەکالاّکردنی جەسـتەی مرۆڤەوحەلاّلکردنیـەتی بـۆ ئارەزووبـازە دەوڵەمەندەکان، یا دەبێت ئەو ڕەوتە وەک خۆی قبولّ بکەین، یا دەبێت هەرچی زووترە ڕووبەڕووی بینەوەو هەوڵی چارەسەرکردنی بدەین و ئەزموونی مێژوویی بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی ئـەو دیاردەیـە لەبەردەسـت دا هەیـە، کـە شۆڕشـی ئۆکتۆبـەری سـاڵی 1917 ی ڕوسـیا، نمونەیەکی بەرچاوەو دەکرێت لێرەش تەواوی خەڵکی ئازادی خوازو ژنانی پێشکەوتوو خوازو ڕادیکالّ بێننـە مەیـدانی خـەبات کـردن لـەدژی لەشفرۆشی و بەکالاّ کردنی جەستەی مرۆڤ لە هەموو مەیدانەکاندا لێکۆڵینەوەی جۆراو جۆر بکریّ و ژنان هۆشیار بکەینـەوە لەمەترسیەکانی لەشفرۆشی و هەوڵی گەڕاندنەوەی ئەو ژنانە بدرێت کە دووچاری لەشفرۆشی هاتوون بۆ ژیانی ئاسایی ، ئەمەش کارێکە دەبێت دەستی بۆ ببرێت و ناکریّ خۆمان بدەینە دەست قەدەر، چوونکە دواجار خۆمان زیانبەخش دەبین لەوەی کە کۆمەڵگایەکی ناتەندورسـتمان دەبێـت و نەوەکانمان بەرەو لادانێکی زیاتر دەڕۆن .

وەبەتەنیا ژنانیش بەرپرس نین لەو حاڵەتەی کە بەسەریاندا دێت کۆمەڵگا هەمووی بەر پرسـیارەو بەرناشـۆ لەمێـژەوە وتوویـەتی (ئـەوەی لەگەلّ سۆزانیەک ڕادەبوێرێت ، لە سۆزانیەکە سۆزانی ترە) جا بۆئەوەی کۆمەڵگاکەمان لەومەترسیە ڕزگار بکەین وەکـەمێک لـەئازارەکانی ژنان کەم بکەینەوە بەمانایەکی تر با ئێمەی ڕۆشنبیران و یەکسانی خواز دەستێک بدەینە دەست ژنان و لایەک لەئازارەکانیان لەگەلّ بگرین و هەوڵی کۆتایی هێنان بەو چەوساندنەوە نابەرامبەرە بدەین کە کەلتوری ئێمە بۆی هێناون، ئەگەر نا زەمەن دوایی ڕەحمان پیّ ناکات.

سەرچاوە :

ڕۆژنامەی ڕیوان ژمارەکانی 29-30-31